کوردستان

نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب
* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر
س. پ. ژمارە: ١
www.araspublisher.com

کوردستان

نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە

لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بەراوردکارییە
کە لە دۆزی سۆمەرییەکان دەتۆژێتەوە و رەسەنیان
دەباتەوە سەر چیاکانی کوردستان

هاوڕێ باخەوان

ئەم لێکۆڵینەوەیەم پێشکەشە:
بەدایکم و باوکم

هاوڕێ باخەوان – ١٩٩٦

ناوی کتێب: کوردستان نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە
نووسینی: هاوڕێ باخەوان
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ١٩٣
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: ئاراس ئەکرەم
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: نسار عەبدوڵڵا
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
هەڵەگری سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالق + دلاوەر صادق ئەمین
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر– ٢٠٠٣
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٩١)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

نێوەڕۆک

پێشەکی 7

بەشی یەکەم: ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆچی؟ 11

بەشی دووەم: کوردستان، لانکەی مرۆڤ و شارستانییە 19

بەشی سێیەم: گواستنەوەی شارستانی لە کوردستانەوە بۆ باشووری میزۆپۆتامیا ... 32

بەشی چوارەم: باشووری میزۆپۆتامیا تا چاخە مێژووییەکان 39

بەشی پێنجەم: کێشەی سۆمەرییەکان و زانایانی ئارکیۆلۆژی 44

بەشی شەشەم: سۆمەرییەکان و کورتەیەکی مێژووەکەیان 54

فوراتییە سەرەتاییەکان و سۆمەرییە هەرە کۆنەکان 55

نووسینی سۆمەرییەکان 56

پادشا و فەرمانڕەوا سۆمەرییەکان 58

چمکێک لە ژیانی کۆمەڵایەتیی سۆمەرییەکان 61

بەشی حەوتەم: یەکەمین نیشتمانی سۆمەرییەکان 70

ئەو بەڵگانەی کە گەواهی بۆ یەکەمین نیشتمانی سۆمەرییەکان دەدەن 70

بەڵگەی یەکەم: کەرەستە ئارکیۆلۆژییەکان 71

بەڵگەی دووەم: زمانی سۆمەرییەکان 75

بەڵگەی سێیەم: بەراوردێک لە نێوان دراوسێکانی وڵاتی سۆمەرییەکاندا 86

بەڵگەی چوارەم: ئایینی سۆمەرییەکان 90

بەڵگەی پێنجەم: پەرستگای زەکوورە 95

بەڵگەی شەشەم: ئەفسانە سۆمەرییەکان 103

بەڵگەی حەوتەم: چیرۆکی لافاوەکە 107

کۆتایی و سەرەنجام 116

سەرچاوەکان 118

پێشەکی

چەند ساڵێک لەمەوبەر، بەمەبەستی نووسینی لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی و رامیاری لەسەر مێژووی کوردستان و کورد و هۆی دروست نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە دوای رووخانی مادەکانەوە و هەروەها پەیوەندیی بیروباوەڕە ئایینییەکان لەسەر بیرکردنەوە و کەسایەتی و ژیرێتیی کورد و بۆ ئەوەی نووسینەکەم زێتر کالآیەکی ئەکادیمییانە بەخۆوە بگرێت و هەموو کون و کەلەبەرێکی مێژووی وڵاتی کوردەواری بگرێتەوە، ویستم لە بەرەبەیانی مێژووەوە دەستی پێ بکەم و ئەشکەوت و چەپەر و پەنا چیاکانی کوردستان بکەمە خاڵی سەرەتاییی ئەو نووسینە. هەر بۆ ئەم مەبەستە کەوتمە خوێندنەوەی دەیان و بگرە زێتری ئەو نووسراوانەی کە مێژووان و ئارکیۆلۆژییە جیهانییەکان لەسەر مێژووی کۆنی ناوچەی خۆرهەڵات و کوردستان نووسیویانە... لە ئەنجامی ئەو خوێندنەوانەمدا زۆر بەڕاشکاوییەوە بۆم دەرکەوت، کە مەزنترینی ئەو نەتەوانەی کە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی نزیکدا، ژیابێتن و خاوەنی بەرزترین شارستانیی مێژووی مرۆڤایەتی بووبێتن، سۆمەرییەکان بوون و (نیشتمانی یەکەمینیشیان کوردستانەکەی ئێمەیە)، ئینجا لەبەرئەوەی کە تاوەکو ئێستا هیچ کەسێک بەلێکۆڵینەوەیەکی وا سەربەخۆ لە رەسەنی ئەم سۆمەرییانەی نەکۆڵیوەتەوە، من زۆر بەپێویستم زانی کە لێی بتۆژمەوە و بەچەندین بەڵگەی مادییەوە رەسەنیان بگەڕێنمەوە سەر وڵاتی کۆنی کوردەواری.

بردنەوەی رەسەنی سۆمەرییەکان بۆ چیاکانی کوردستان بەشێوەیەکی زانستانە، بەرپەرچدانەوەیەکی هەموو ئەو زانا و مێژوونووسە ئارکیۆلۆژیستانەیە کە بەڕەسەنی ئەم سۆمەرییانەیان دەگوت: (کێشە و ئەندێشە و تەراویلکە)، ئەمە جگە لەوەی کە ئێمەی کورد هەروەکو چۆن شانازی بەوەوە دەکەین کە نیشتمانە دێرینەکەمان یەکەمین شوێنەوارە لە جیهاندا کە کشتوکاڵی تێدا کرابێت و یەکەمین گوندی نیشتەنیی تێدا هاتبێتە بوون... هەر بەو پێیە و بگرە زێتریش دەبێت شانازی بەوەوە

بکەین، کە چیاکانی کوردستان نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە...

هەر بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیەم بەپێویست زانی و پلانی نووسینەکەشم بەم شێوەیەیە کە کردوومە بەحەوت بەشەوە و بریتین لە:

بەشی یەکەم:

ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆچی؟

لەم بەشەی باسەکەدا وەڵامی ئەو پرسیارەم داوەتەوە کە ئایا سۆمەرییەکان، کوردستانی بووبێتن یان نا؟!... ئێمەی کورد ئێستا چ سوودێکیان لێ وەردەگرین؟ و هەروەها لەو شاکارە مەزنانەش دواوم کە سۆمەرییەکان پێشکەشی مرۆڤایەتییان کردووە.

بەشی دووەم: لەژێر سەردێڕی (کوردستان، لانکەی مرۆڤ و شارستانییە) باسێکی مێژووی ناوچەی خۆرهەڵاتی نزیک و کوردستانم کردووە و تیایدا ئاماژەی ئەوەم کردووە کە کوردستان لە سەدان هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە مرۆڤی کۆنی تێدا ژیاوە و خاوەنی شارستانییەکی زۆر سەرەتایی بوون و پاشان وردە وردە و بەپێی تێپەڕبوونی کات پەرەیان بەم شارستانییە داوە و نێوی هەندێک لەو شوێنەوارە گرنگانەم هێناوە لەگەڵ تەمەنی شارستانییەکەیاندا...

بەشی سێیەم: باسی گواستنەوەی شارستانیم لە کوردستان و باکووری میزۆپۆتامیاوە بۆ باشووری کردووە کە (دەشتی لیتەیی)یە و بەچەندین بەڵگەی مادی و ئارکیۆلۆژییەوە و پاشان لە رەسەنی (فوراتییە سەرەتاییەکان) دواوم و هەروەها رای هەندێک لە زانا بەنێوبانگە جیهانییەکانم لەسەر گواستنەوەی شارستانی لە کوردستانەوە بۆ دەشتی لیتەیی نووسیوە.

بەشی چوارەم: لە ناوچەکانی باشووری میزۆپۆتامیا دواوم، تاوەکو چاخە مێژووییەکان و تێیدا باسی کێشەی کەناری کەنداوی فارسیم کردووە کە بەزاراوەی جیۆلۆجی پێی گوتراوە دەریای (تیش- TETHYS) و بەراوردێکم کردووە لەنێوان هەردوو تیۆرەکەی زانایان

(دی مۆرگان) و (لیز و ڤالکۆن و رایت) کە پەیوەندییەکی زۆریان بەسەرەتای دروستبوونی شارستانی و نیشتەجێ بوونی مرۆڤ، لە دەشتی لیتەییدا هەیە.

بەشی پێنجەم: باسی کێشەی سۆمەرییەکانم کردووە و تیشکم خستۆتە سەر رای هەندێک لە زانا ئارکیۆلۆژییە بەنێوبانگەکان و لەو رایانەش دواوم کە سۆمەرییەکانیان بردۆتەوە سەر ئەو ناوچانەی کە کوردستان نین.

بەشی شەشەم: لەم بەشەدا باسی کورتەیەکی مێژوویی سۆمەرییەکانم کردووە و لە زۆربەی بنەماڵە فەرمانڕەوا و شارستانییان و بارە کۆمەڵایەتییەکانیان و ئایین و زانست و ئەدەب و هونەریان دواوم، ئەمە جگە لە داهێنانی نووسینی مێخی هەروەها باسی پەیوەندیی فوراتییە سەرەتاییەکان و سۆمەرییە هەرە کۆنەکانم کردووە...

بەشی حەوتەم: بریتییە لە گرنگترین بەشەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، باسی یەکەمین نیشتمانی سۆمەرییەکانم کردووە، کە ئەویش کوردستانە، هەروەها باسی ئەو بەڵگانەم کردووە کە گەواهی بۆ یەکەمین نیشتمانی سۆمەرییەکان دەدەن، کە بریتین لەم بەڵگانە:

بەڵگەی یەکەم: بەراوردێکە لە نێوان دراوسێکانی وڵاتی سۆمەرییەکاندا.

بەڵگەی دووەم: کەرەستە ئارکیۆلۆژییەکان، کە بریتییە لە بەراوردێک لە نێوان ئەو کەرەستە ئارکیۆلۆژییانەی کە لە کوردستان و وڵاتی سۆمەردا دۆزراونەتەوە.

بەڵگەی سێیەم: زمانی سۆمەرییەکان، کە ئەمیش هەر بەراوردێکە لە نێوان زمانی سۆمەرییەکان و زمانە کۆنەکانی کوردستان و زمانی کوردیی ئێستا و بەدەیان زاراوە، نزیکیی ئەو زمانانەم لە یەکترەوە روون کردووەتەوە.

بەڵگەی چوارەم: ئایینی سۆمەرییەکان، کە بەتەواوەتی بۆمان روون دەبێتەوە کە ئایینە کۆنەکانی کوردستان رەسەنی ئایینە

سۆمەرییەکانن و پەیوەندییەکی زۆر بەهێز لە نێوانیاندا هەیە.

بەڵگەی پێنجەم: کە باسی پەرستگاکانی زەکووڕەم کردووە و خاڵی سەرەتای دروستبوونیانم بردۆتەوە سەر چیاکانی کوردستان.

بەڵگەی شەشەم: لە ئەفسانە سۆمەرییەکان دواوم، کە چۆن هەر سۆمەرییەکان خۆیان بەهۆی ئەم ئەفسانانەوە رەسەنی خۆیان دەبەنەوە سەر چیاکانی کوردستان و بەشوێنێکی زۆر پیرۆزی دەزانن.

بەڵگەی حەوتەم: باسی چیرۆکی لافاوە مەزنەکەم کردووە، وەک بەڵگەیەکی تری کوردستانی بوونی سۆمەرییەکان...

کۆتایی و سەرەنجام

پاشان لەژێر سەردێڕی (کۆتایی و سەرئەنجام)دا باسی ئەنجامە بەدەست هێنراوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەشم کردووە. لێرەدا جێی خۆیەتی کە ئەوە بڵێم: لە ساڵی ١٩٨٩دا لە هێڵە گشتییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بوومەوە و پاکنووسم کرد. بەڵام هەر بواری چاپکردنی بۆ نەڕەخسا و لەم دواییەدا کەمێک دەسکاری و بەچەند سەرچاوەیەکی نوێ فراوانترم کرد... بەو هیوایەی کە توانیبێتم بەم لێکۆڵینەوەیەم خزمەتێکی تری کورد و مێژووی نەتەوەکەمم کردبێت...

هاوڕێ باخەوان

هۆڵندا - خرۆنینن ١٩٩٥/١١/٣٠

بەشی یەکەم

ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆچی؟

بۆچی ڕەسەنی سۆمەرییەکان بەرینەوە سەر چیاکانی کوردستان...؟ سۆمەرییەکان ئەگەر کوردستانی بووبێتن یان نا؟ ئێمە ئێستا چ سوودێکیان لێ وەردەگرین؟ لە کاتێکدا کە ئەوان نەک خۆیان بەڵکو زمانەکەشیان چۆتە گۆڕستانی مردووانەوە. سۆمەرییەکان، بەیەکێک لەو نەتەوانە دەژمێردرێت کە خاوەنی مەزنترین شارستانی و کلتوور بووبێتن، هەرچەندە کوردیش خاوەنی شارستانی و فەرهەنگی خۆیەتی بەڵام ئەگەر وڵاتەکەی ئێمە ببێتە ڕەسەن و نیشتمانی یەکەمینی ئەو سۆمەرییانە ئەوا بەو پێیە فەرهەنگ و کلتووریشمان زێتر و زێتر دەوڵەمەندتر دەبێت، چونکە ئەمڕۆ تاکە پێوانە بۆ شانازی و ژیاری هەر گەلێک فەرهەنگەکەیەتی. کەواتە ئێمە سەرباری هەموو ئەو پلە شارستانییەی کە لە مێژووی خۆماندا پێی گەیشتووین، بشبینە خاوەنی یاخود خاڵی سەرەتایی شارستانیی سۆمەرییەکان، فەرهەنگەکەشمان دەگاتە ڕادەیەکی وا کە وڵاتەکەمان ببێتە لانکە و جێ نزرگەی یەکەمین یاخود مەزنترین شارستانییەکانی سەر ڕووی زەمین...

ئەم شارستانییە و پێشکەوتن و تەکنۆلۆژیایەی کە ئێستا مرۆڤایەتی پێی گەیشتووە، پرۆسەیەکی کتوپڕ و لە ناکاو نییە، بەڵکو زادەی تەواوی ئەزموونەکانی خودی مرۆڤە بەدرێژایی مێژوو، لەبەرئەوە مرۆڤایەتیی ئێستێ گەلێک قەرزاری مرۆڤی کۆنە لە هەموو پلەکانی زانستدا، چونکە باوەڕناکەم کە هیچ کەرەستەیەکی شارستانیی ئەمڕۆ ڕەگوڕیشەکەی نەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر و مرۆڤی کۆن بەردی بناغەکەی دانەڕێشتبێت. سۆمەرییەکان ئەو ڕەگەزە کوردستانییەن کە لە هەموو بوارەکانی زانست و هونەر و ئایین و ئەدەب و ڕامیاری و یاسادا بەپێی ئەو سەردەمەی خۆیان شارەزاییەکی زۆر باشیان هەبووە و بەیەکێک لە

ژیاریترین نەتەوە کۆنەکان دادەنرێت و ئەو نەتەوانەشی کە لە دوای ئەوانەوە بەردەوامی و گەشەیان بەشارستانی داوە، هەر هەمان ئەو کەرەستانەن کە لە لایەن سۆمەرییەکانەوە داهێنراون و ئەمانیش بەپێی تێپەڕبوونی کات پێشیان خستوون. نموونەی ئەو نەتەوانە بابل و ئەکەد و ئاشووری و فیرعەونەکان و هی ترن، کە جگە لە بەرەوپێشخستنی زانست و هونەر و ئەدەب و ئایینی سۆمەرییەکان زێتر نوێکارییەکی ئەوتۆیان وەک داهێنان پێشکەشی مرۆڤایەتی نەکردووە! بێجگە لەو هەرەمانەی کە فیرعەونەکان دروستیان کردووە کە ئەویش خاڵی بنەڕەتییان دەگەڕێتەوە بۆ زەکوورەی سۆمەرییەکان...

ئاشکرایە کە داهێنانی نووسین بۆ یەکەم جار لە مێژوودا لەلایەن و لەسەر دەستی زانا سۆمەرییەکان بەدی هات و هەرچی ئەدەب و زانست و یاسا و تێکستی ئایینی و تەنانەت ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆشیانیان بەهۆی ئەو داهێنانە مەزنەوە بۆ تۆمار کردووین... نووسین یەکێکە لەو بەرهەمە شارستانییانەی کە ئەگەر تاوەکو ئێستا نەهاتایەتە بوون! ڕەوڕەوەی مێژوو و شارستانی بەم شێوەیە نەدەبوو و مرۆڤایەتی بەهیچ شێوەیەک نەدەگەیشتە ئەم پلە پێشکەوتووەی کە ئێستا لەبەر چاوماندایە و هەستی پێ دەکەین، و تا ئێستاش ئێمە هەر لە چاخە پێش مێژووییەکاندا دەژیاین...!

ئەمە جگە لەو کارە هونەرییە سەرسوڕهێنەرانەی کە هونەرمەندە سۆمەرییەکان لە دروستکردنی هەزاران هەزار پەیکەر و دەیان زەکووڕە و کۆشکی پادشاییدا بەکاریان هێناوە کە بوونەتە خاڵی یەکەمینی هونەری پەیکەرتاشین و بیناسازی لە دوای خۆیانەوە و مرۆڤ بەهۆی ئەوانەوە گەیشتە ڕادەیەکی وا کە باخچە هەڵواسراوەکانی بابل و ئەهرامەکانی میسر و دەیان و سەدان پەرستگای نایابی وا دروست بکات کە تا ئێستاش جێگەی تێڕامان و سەرسوڕمانی ئەندازیارە بیناسازەکانی ئەمڕۆ بێت!. هەر پەیکەرەکانی وڵاتی سۆمەر بوو کە بووە سەرچاوە بۆ هونەرمەندە گریکەکان و پاشان تۆوی ئەو داهێنانە مەزنانەی لە مێشکی پەیکەرتاشی بەنێوبانگ

(مایکڵ ئەنجیلۆ)دا دروست کرد و مرۆڤی گەیاندە ئەو ڕادەیەی کە کۆشکی لۆڤەری بەنێوبانگ دروست بکات، خۆ ئەگەر زێتر بێین بەرەو پێشەوە و سەیری هونەری پەیکەرتاشین و بیناسازیی ئێستای مرۆڤ بکەین هەر دەبێت رەسەنی ئەو پێشکەوتنە ببەینەوە سەر مرۆڤی کۆن و، بەتایبەتی سۆمەرییەکان.

لە بواری زانستیشدا، سۆمەرییەکان گەیشتبوونە پلەیەکی زۆر بەرز، بۆ نموونە لە ماتماتیکدا گەیشتوونەتە ئاستێکی وا کە بیردۆزی فیساگۆرس دابڕێژن، کە هەروەکو لەدواییدا باس دەکرێت گەڕاندنەوەی ئەم بیردۆزە و نێو بەسەر دابڕینی بەنێوی زانایەکی گریکییەوە هەڵەیەکی مێژوویی گەورەیە، چونکە هەمان بیردۆز لەسەر یەکێک لە تەختە گڵەکانی سۆمەرییەکاندا دەخوێنینەوە. هەروەها سۆمەرییەکان لەو سەردەمەدا زانستی سێگۆشەکانیشیان زانیوە و خاوەنی چەندین بیردۆز و داهێنانی سەیربوون لە ماتماتیکدا.

لە بواری کیمیاگەریشدا گەیشتوونەتە پلەیەکی بەرز و جۆرەها کانزا و مادەی کیمیاوییان ناسیوە و بۆ کاروباری ڕۆژانەی خۆیان بەکاریان هێناوە و خاوەنی تاقیگەی تایبەتی بوون. هەروەها زانا سۆمەرییەکان، بەتایبەتی زێوانی پەرستگاکان دەستێکی باڵایان هەبووە لە ئەستێرەناسی و نێولێنانیان و دۆزینەوەی دوازدە بورگەکە و لە هەندێک تەختە گڵێشدا خۆرگیران و مانگ گیرانی ئەو سەردەمەی خۆیانیان بۆ تۆمار کردووین کە گەردووناسەکانی ئەمڕۆ ئەو خۆرگیران و مانگ گیرانانەی سەردەمی سۆمەرییەکانیان لە هەمان ئەو کاتەی کە تۆماریان کردووە، سەلماندوویانە و باوەڕیان پێ هێناوە!!.

پاشان هەندێک تەختە گڵ دۆزراونەتەوە کە باسی زۆر جۆری نەخۆشی و چارەسەرەکانیان دەکات و لە سەردەمی سۆمەرییەکاندا پزیشکی تایبەتی هەبووە کە چارەسەری خەڵکی نەخۆشی کردووە.

کۆمەڵگەی سۆمەری کۆمەڵگەیەکی ڕێکوپێک بوون و خاوەنی چەندین ڕێسا و یاسای تایبەتی بوون کە پادشاکان بەنێوی خوداوەندی مەزنەوە

دەریان کردووە، هەروەکو باوە و دەڵێن کە کۆنترین یاسا لەجیهاندا ئەو دووسەد و هەشتا و دوو ماددەیەیە کە حامورابیی پادشای بابلییەکان لەسەر میلە بەنێوبانگەکەی خۆی تۆماری کردووە کە ئێستا لە مۆزەخانەی لۆڤەر دایە. ئەمە رایەکی چەوتە و کۆنترین یاسا کە تائێستا دۆزرابێتەوە یاسای (ئۆرنەمو) کە پادشایەکی سۆمەری بووە و پاش ئەمیش یاساکانی (لبث ئەشتار) و (ئەشتۆنا) دێنە کایەوە کە ئەمانیش هەر سۆمەرین، ئەوەی شایانی باسە ئەو ماددانەی کە لە میلەکەی حامورابی دان هەر هەمان یاساکانی ئۆرنەمو و لبث ئەشتار و ئەشتۆنای سۆمەرییەکانە، بەڵام بەشێوەیەکی ستەمتر و شێوازی نووسینێکی تر، تەنانەت ڕێسای (چاو بەچاو و ددان بەددان – العين بالعين والسن بالسن) کە لە قورئاندا هەیە لە هەمان یاساکانی سۆمەرییەکاندا هەیە...؟!

کەواتە سۆمەرییەکان یەکەمین نەتەوەن کە خاوەنی کۆمەڵگەیەکی ڕێکوپێک بووبێتن و یاسایان داهێنابێت، کە هەر ئەو یاسایانەن بوونەتە خاڵی سەرەتای یاساکانی مانۆی هیندی و دراکۆن و سۆلۆنی گریکی و یاسای دوازدە بۆردەکە و کۆمەڵەی جۆستنیانی ڕۆمانی و شەریعەتی جووەکان و ئیسلام و پاشان یاساکانی ئێستای مرۆڤایەتی و ماددەکانی کۆمەڵەی گەلان و جاڕی جیهانیی مافی مرۆڤ و بروانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان... لە بواری فێرکردنیشدا هەر بەهەڵە دەگوترێت کە لە سەردەمی حامورابیدا، بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا قوتابخانە هاتۆتە کایەوە!... نەخێر هەر سۆمەرییەکان بوون کە یەکەمین فێرگەیان لە مێژوودا کردەوە، کە لە نێو پەرستگاکاندا بوون و قوتابییە سۆمەرییەکان لەسەر تەختە گڵەکان فێری زانست و ئەدەب و وانە ئایینییەکان دەبوون...

ئەدەب لە ژیانی سۆمەرییەکاندا ڕۆڵێکی باڵای بینیوە و هەزاران تەختە گڵیان لەو بارەیەوە بۆ بەجێ هێشتووین، کە باسی تێکستەکانی چیرۆکی ئافراندنی گەردوون و چیرۆکی گلگامش و ئادابا و دابەزینی خوداوەند ئەشتار بۆ جیهانی خواروو و هتد دەکەن. ئەم چیرۆکانە هەتاوەکو ئێستاش لەپاش دۆزینەوەیان وەک ماددەیەکی ئەدەبیی زۆر بەنرخ لە زانکۆکانی

جیهاندا دەخوێندرێن، چونکە یەکەمین سەرەتایە بۆ دروستبوون و گەشەسەندنی ئەدەب لە مێژوودا. ئەو تێکستە ئەدەبییە سۆمەرییانە پەیوەندییەکی راستەوانەیان هەیە لەگەڵ ئەدەبی دوای سۆمەرییەکان خۆیان و ئەدەبی سەدەکانی ناوەڕاست و ئێستادا، بۆ نموونە چیرۆکە بەنێوبانگەکەی (دابەزینی خوداوەند ئەشتار بۆ جیهانی خواروو) بووەتە خاڵی سەرەتا و بناغەی زانست و ئەدەبی بێ باوەڕی (ئاتەییزم: الالحاد)، چونکە ئەم چیرۆکە گاڵتەجارییەکی تەواوی تێدایە بەڕۆژی دوایی و بەهەشت و دۆزەخ، بەبۆچوونی من هۆزانەوان و فەیلەسووفی عارەب (ئەبو عەلای معەڕی) سروشی چیرۆکە بەنێوبانگەکەی خۆیی هەر لەم چیرۆکەی سۆمەرییەکانەوە وەرگرتووە کە نێوی ناوە (رسالة الغفران: نامەی لێبووردن) کە تێیدا زۆر بەڕاشکاوی گاڵتە بەئایینەکان و رۆژی دوایی دەکات.

هەروەکو بەردەوامییەکی ئەم جۆرە ئەدەبە، نووسەری ئیتاڵی (دانتی)، (کۆمیدیا خوداییەکە)ی نووسی و ئەویش (رسالة الغفران)ی وەک سەرچاوەیەک بەکارهێناوە. لە نووسینی ئەم جۆرە ئەدەبەدا نابێت شەهید (ئەمین)ی خۆشمان لەیاد بکەین، کە لە ئۆردوگای (جەهروم)ی ئێراندا ساڵی **١٩٦٤** هەڵبەستێکی دوور و درێژی لەم بابەتە نووسیوە کە تێیدا گاڵتەجارییەکە بۆ رۆژی دوایی و هەموو نەتەوەکان بەپێغەمبەرەکانیانەوە دەچنە بەهەشتەوە، تەنها نەتەوەی کورد و زەردەشت پێغەمبەر نەبێت دەچنە دۆزەخەوە! ئەوی راستی بێت ئەم هەڵبەستە نایابە بەداخەوە تاوەکو ئێستا چاپ نەکراوە و تەنها لەسەر کاسێتێک تۆمارکراوە. لە بەراوردکردنی ئەو تێکستانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن ئەدەبی سۆمەری بووەتە سەرچاوە و سروش بۆ ئەدەبی پاش خۆیان و تا چ رادەیەک کاریان کردۆتە سەری.

رامیاریش وەک زانست لە وڵاتی سۆمەرییەکاندا زۆر پێشکەوتوو بووە. هەر پادشایەکی سۆمەری چەند راوێژکارێکی خۆیی هەبووە. تەختە گڵەکانی داستانی گڵگامیشی بەنێوبانگ ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە

وڵاتی سۆمەردا، دوو ئەنجوومەن هەبوون، یەکەمیان (ئەنجوومەنی پیران) و ئەوی تریشیان (ئەنجوومەنی جەنگاوەران) بوون، کە ئەمانە لەنێو چینە سەربەستەکاندا هەڵبژێردراون. ئەم دوو ئەنجوومەنە شان بەشانی پادشا و راوێژکارانی بەشداریی رامیاریی سۆمەرییەکانیان کردووە و فەرمانی دەست پێکردنی جەنگ ئەوان داویانە، کە ئەوە دەگەیەنێت سەرەتاکانی دیموکراسی لە سەردەمی سۆمەرییەکانەوە سەری هەڵداوە نەک گریکەکان، پاشان ئەو دوو ئەنجوومەنە شێوەی پەرلەمانێکی سەرەتایی ئەو سەردەمە بوون بەپێی زانستی رامیاریی ئێستێ، کەواتە سەرەتاکانی پەرلەمان و بەپراکتیک کردنیشی هەر دەگەڕێتەوە سەردەمی سۆمەرییەکان نەک بۆ (پەیمانی مەزن – CARTA - MAGNA)ی ئینگلستان لە ساڵی 1215 ز دا و پاشان گۆڕینی نێوەکەی بۆ پەرلەمان...! لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین کە سۆمەرییەکان خاوەنی سەرەتاکانی زانستی رامیاری بوون.

هەروەکو لە بەشەکانی پێشوودا باس کرا، ئایین رۆڵێکی کاریگەر و ترسناکی لە ژیانی مرۆڤی کۆندا هەبووە، بەتایبەتی لە سەردەمی سۆمەرییەکاندا. ئەو تەختە گڵینانەی کە سۆمەرییەکان دەربارەی بیروڕا ئایینییەکانی خۆیان بۆ ئێمەیان بەجێ هێشتووە، رۆشنایی دەخەنە سەر زۆر گرێ کوێرە کە پەیوەندییان بەمێژووی دروستبوونی بیروڕا و نووسراوە ئایینییەکانی پاش خۆیانەوە هەیە. ئەگەر بێت و سەرنجی ئەو تەختە گڵینانە بدەین، دەبینین هەمان ئەو چیرۆکە ئایینییانەی کە لە کتێبەکانی تەورات و قورئان و ئەوانی تردا هەیە، لە تەختە گڵە سۆمەرییەکانیشدا تۆمارکراون، کە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت ئەو چیرۆکە ئایینییانە زۆر کۆن بن، تاکە جیاوازییەک لەنێوان ئەو چیرۆکانەدا کە هەبێت گۆڕینی نێوی پاڵەوانانی ئەو چیرۆکانەیە! بۆ نموونە چیرۆکی لافاوەکە کە لە تەختە گڵینەکانی سۆمەردا هەیە و نێوی پاڵەوانە رزگارکەرەکەی مرۆڤایەتی (زیۆسەدرا)یە و (نوح) نییە کە وەکو لە تەورات و قورئاندا هاتووە، دیارە نێوی زیۆسەدرا راستترە چونکە، ئەو تێکستە سۆمەرییانە هەزاران ساڵ لە تەورات و قورئان کۆنترن، چیرۆکەکانی ئادەم و حەوا و قابیل و هابیل و شێوەی لەدایکبوونی موسا پێغەمبەر و رۆژی دوایی و بەهەشت و دۆزەخ

و... زۆربەی ئەو چیرۆکانەی تر کە لە کتێبە ئایینییەکاندا، هەن. پێش ماوەیەکی زۆر سۆمەرییەکان لەسەر تەختە گڵەکانی خۆیان تۆماریان کردووە، بەڵام نێوی پاڵەوانی ئەو چیرۆکانە سۆمەری بوون ئەگینا هەمان مەبەست و واتایان هەیە...؟!

لەمەوە دەتوانین سەرنجی ئەو وتە مێژووییە بدەین کە لە کاتێکدا محەمەدی عارەب قورئانی بۆ (ئەبو جەهل)ی مامی خوێندووەتەوە تاوەکو خۆی بەدەستەوە بدات، بەڵام ئەو باوەڕی پێ نەکردووە و پێی گوتووە ئەم شتانەی تۆ باسی دەکەیت هەموو (أساطير الأولين)ە، واتە ئەفسانەی پێشینە!.

ئایینی سۆمەرییەکان بەردی بناغەی ئایینی سامییەکان و فیرعەونەکان و جوو و فەلە و ئەوانی ترن، کە ئەوەندەی تر ئایین و شارستانیی سۆمەرییەکانمان لە لا دەکاتە خاڵی سەرەتای هەموو ئایینەکانی دی...

هەر ئەم سۆمەرییانە لە بواری کشتوکاڵی و ئاودێری و رستن و چنین و پیشە دەستییەکان و ئەو کەرەستە شارستانییانەی کە پەیوەندییان بەژیانی رۆژانەیانەوە هەبووە، زۆر تێیدا پێشکەوتوو بوون، ئەمە جگە لە زانستە سەربازییەکان و دروستکردنی جۆرەها چەکی ئەو سەردەمە، کە بێگومان ئەوانیش بوونەتە خاڵی سەرەتا بۆ هەموو ئەو کەرەستانەی کە ئەمڕۆ دەیانبینین.

ئەوانەی کە باس کران شاکارەکانی سۆمەر بوون و ناکرێت دەربارەی هەموو ئەو شتانە بدوێم کە سۆمەرییەکان بۆ ئاسانکردنی ژیانی خۆیان پێشکەشی مرۆڤایەتییان کردووە، چونکە ئەوە زۆری پێ دەوێت و ئەوانەی کە باسیش کرا مشتێک بوون لە نموونەی خەرواری زانست و شارستانیی سۆمەرییەکان.

هەر چۆنێک بێت ئێمەی کورد دەبێت شانازی بەوەوە بکەین کە کوردستانەکەمان یەکەمین نیشتمانی ئەو رەگەزە مەزنەی مێژووی مرۆڤایەتییە، کە بووەتە یەکەمین تیشکی شارستانی و یەکەمین خولی بەتینی بەرەوڕەوەی شارستانی داوە و بووەتە هۆی ئەو پێشکەوتنەی کە

مرۆڤ ئێستا پێی گەیشتووە. ئەگەر سۆمەرییەکان لە مێژوودا نەبووبن، یاخود لە مێژووی مرۆڤایەتییان دەربهێنین، زۆر ستەم دەبوو کە جیهان و مرۆڤمان بەم شێوەیەی ئێستا بدیایە و ئەمە وەک ئەوە وایە کە بناغەی باڵەخانەیەکی چەند نهۆمی دەربهێنین و دیارە ئەنجامی ئەو باڵەخانەیە هەر رووخان و نەمانە... کەواتە کوردستانی کۆن بەبێ گفتوگۆ و ململانێ خاوەنی بەرزترین و مەزنترین شارستانی بووە لە جیهاندا و بەو پێیە فەرهەنگ و کلتووری ئەو کاتەی کوردستانیش دەوڵەمەندترین فەرهەنگ بووە...